# پێویسته له ئۆكتۆبه ر بكۆڵینه وه



نوسینی : لیۆن ترۆتسکی
ئامادەکردن و وەرگێڕانی : ئاسۆ شابان
12 / 10 / 2005
asoshaban@hotmail.com

ئەگەر لە ئۆکتۆبەردا هەندی بەختمان هێنابێت ، ئەوا شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەمان بەختی لە نووسراوە وێژەیەکاندا کە دەیان نووسینەوە نەهێناوە ، ئێمە تەنها یەك نووسراومان لە بەردەستا نیە کە تابلۆیەکی گشتی بێت لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر ، بارودۆخی مەیدانی سیاسی و ڕێکخراوەیی تیایدا یەکالا کرابێتەوەو دیار بێت ، لەمانەش زیاتر ، هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتمەندە بە لایەنە جیاوازەکانی ئامادەکاری شۆڕش یان خودی شۆڕش خۆی ، بلاونەکراونەتەوە ، ئێمە تەنها بەڵگەنامەو کەرەسەکانی پێش شۆڕش و پاش شۆڕش لەسەر شۆڕش و پارت بلاودەکەینەوە ، بەڵکو ئێمە کەمتر بایەخ بە ئۆکتۆبەر خۆی دەدەین .
ئێمە وای دەبینین ، مادام توانیمان گورزێکی باشی بەهێز لە نەیارەکەمان بوەشێنین ، پێویستمان بەوەنیە دووبارەی بکەینەوە ، کەواتە لێکۆڵینەوە لە خودی ئۆکتۆبەر و مەرجەکانی ئامادەکاری ڕاستەوخۆ ، هیچ سوودمەندێتیەکی ڕاستەوخۆی تیا نابینین کە خۆئامادەکاری پێبکەین بۆ مەهامی بەپەلەی ڕێکخستنەکانی داهاتوو .
لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە بۆ چوونە ، گەرچی لە کەمێ لە بێ ئاگاییەوەیە لە ئێمەوە بلاوبۆتەوە ، بەلام لە کرۆکدا ، هەڵەیەکی قورس بوو ، لەگەڵ ئەوەشدا روویەك بوو لە رووەکانی گرژبوون و چوونەوەیەك .
ئەگەر بێت و ئێمە پێویستمان بە گێڕانەوەی ئۆکتۆبەریش نەبێت ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو تاقیکردنەوەیە هیچی ترمان فێرناکات ، بەتایبەتی ئەگەر هاتەوە بیرمان کە ئێمە بەشێکین لە نێونەتەوەیی ، وە پرۆلیتاریای وولاتەکانی تر هێشتا کێشەی ئۆکتۆبەرەکەیان چارەسەر نەکردوە ، وە ڕێچکەی ئەم چەند ساڵانەی ڕابردوو ، بەڵگەنەویستی ئەوەی داینێ کە پێشکەوتوترین پارتە کۆمۆنیستەکانی خۆرئاوا ، هێشتا تاقیکردنەوەکانی ئێمەیان هەرس نەکردوە ، وەتەنانەت ناشیناسن وەك ئەوەی لە ڕاستیدا ڕوویدا .
لەبەر ئەوە مرۆ سەرنج لەوە دەدات ، کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئۆکتۆبەر یان تەنانەت بلاوکردنەوەی کەرەسەکانی پەیوەست بەو ، ڕەنگە ستەم بێت ( ئەمەش ڕاستیە ) بەبێ ئەوەی جارێکی تر جیاوازیەکانی بۆچوونە کۆنەکان بخرێتەوە سەر پەرگەی لێکۆڵینەوە .
ناکۆکیەکانی ساڵی ( 1917 ) زۆر قووڵ بوون ، دوور لەوەی کە هاتنەئاراوەی بە ڕێگەی ڕێکەوت بێت ، تەواو گەمژەییە هەولی بەکارهێنانی ئەم ناکۆکیانە وەك چەکێك دژی ئەوانە بەکار بهێنین کە کەوتوونەتە هەڵەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا بێدەنگ بوون لێی جێگەی ڕەزامەندی نیە ( بەدڵدانەوەی هەندێ کاری خۆیی ) لەسەر کێشە سەرەکیەکانی ئۆکتۆبەر ، کە خاوەنی گرنگایەتیەکی نێونەتەوەییە .
ساڵی ڕابردوو ڕوو بە ڕووی دوو تێکشکاندنی قورسی ڕۆچوو بووینەوە لە بلغاریا :

یەکەم / لەبەر هەندێ هۆی بیروڕای بۆیاخکراو بە چارەنووس سازی ، ( حیزبی شیوعی ) هەلێکی زۆرباشی لە باری بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێك دواخست ، ( ڕاپەڕینی جوتیاران پاش کودەتای سان کۆف لە مانگی 6 ، 7 دا ) .
دووهەم / کاتێ ویستی هەڵەکەی چارەسەر کات ، گوژمی دایە یاخی بوونەکانی ( سێپتەمبەر ) ، بەبێ ئەوەی ئامادەکاری پێشینەی سیاسی ڕێکخستنی هەبێت ، بۆ گرنگی سەرکەوتنی ئەو یاخی بوونە .

دەبوایە شۆڕشی بلغاریا پێشەکیەك بوایە بۆ شۆڕشی ئەڵمانیا ، بەڵام لە بەدبەختی ئەوان ئەم پێشەکیە خەمبارە ، درێژبوونەوەی پەژارەیەك بوو لە نێو ئەڵمانیا خۆیدا .

لە نیوەی دووهەمی ساڵی ڕابووردودا ، لەم وولاتەدا ، دووبارەبونەوەی دیاردەیەکی کلاسیکیمان بینی ، بارودۆخی شۆڕشگێڕانە بەبێ بزوواندن بەجێما ، کە گرنگیەکی مێژوویی و نێودەوڵەتی هەبوو .

تاقیکردنەوەکانی بلغاریا و ئەڵمانیا ، وەك پێویست بەختی نەبوو لە لێکۆڵینەوەی تەواو وووردبونەوەدا ، ئەگەر بێتوو نووسەری ئەم دێڕانە پانتایی هەندێ هێڵی دابینێ لەسەر گەشەی ڕووداوەکانی ئەڵمانیا لەساڵی ڕابووردودا ( بڕوانە پەڕاوی خۆرهەڵات و خۆرئاوا ) * ، هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی ڕوویدا تەواو لەگەڵ ئەو هێڵانەدا هاتوونەتەوە ، خۆ ئەگەر هیچ کەسێکی تر هەڵنەسابێت بە هەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوەیەکی تر ، ئەوا هێڵە پانەکان بە تەنها بەس نین .

پیویستمان بە نەخشاندنێکی تەواو هەیە کە هۆکارەکانی ئەم شکستە بەهێزە ڕۆشن کاتەوە ، وە پێویستمان بە بەڵگەنامە و نووسراوی تەواو هەیە کە بۆ ئەم مەبەستە پشتی پێ ببەستین ، بەڵام زۆر قوورسە بیرکردنەوە لە شیکردنەوەی ڕووداوەکانی بلغاریا و ئەڵمانیا بەبێ ئەوەی ئێمە بۆ سیاسەت و تاکتیکی شۆڕشی ئۆکتۆبەر هیچمان نەدابێت ، ئێمە هێشتا نازانین چیمان کردو چۆنمان کرد .

پێدەچێت ڕووداوەکانی ئەوروپا پاش ئۆکتۆبەر زۆر بەخێرایی گۆڕانکاری بەسەردا هاتوو ، وەك پێویست کاتی نەداینێ کە لە وانەکانی ئۆکتۆبەر لە ڕووی تیۆریەوە باش لێی تێبگەین ، بەڵام ئەوەی لەبەرچاوان دیارە ، بەنەبوونی پارتێکی لێهاتوو بۆ سەرۆکایەتی ، مەحاڵە سەرکەوتنی ڕاپەڕینی پرۆلیتاریایەك کە مەبەستی بە دەست هێنانی دەسەڵات بێت .

پرۆلیتاریا ناتوانێت تەنها لە یاخی بوونێکی سۆزدارانەوە دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت ، گەرچی ئەمەش لە وولاتێکدا بێت کە لە ڕووی پیشەسازیەوە زۆر پێشکەوتوبن ، یان لە ئاستێکی ڕۆشنبیری زۆر بەرزدابن وەك ئەڵمانیا .
ئەو یاخی بوونە خۆڕسکیانەی کە کرێکاران لەو وولاتەدا لە ( نۆفەمبەری 1918 ) پێی هەڵسان ، هیچ ئەنجامێکی بەدی نەهێنا ، هێندە نەبێت دەسەڵاتی دایەدەست بۆرژوازیەکان ، لەبەر ئەوەی ئەو چینەی ئامادەیە بۆ شۆڕش دەتوانێت هەمیشە ئەو دەسەڵاتە داگیربکات کەلەدەستی چینێکی خاوەنداری تردایە ، بەپشت بەستن بە سامان و ڕۆشنبیری و پەیوەندیەکانی کە پەیوەست نیە بە دەزگاکانی دەوڵەتی کۆنەوە ، بەڵام پرۆلیتاریا هیچ شتێك لە حیزب زیاتر سامانداری ناکات ، وەئەگەر بێت و پارتە کۆمۆنیستەکان هێشتا سەردەمی خۆڕێکخستنی ڕاستەقینەیان نەهاتبێت ، تەنها لە ( 1921 )* دا نەبێت ، کەواتە گرنگایەتی ئۆکتۆبەر هێشتا دوورە ، وە لەهەمان کاتدا کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئۆکتۆبەر لە دواهەمین بەشەکانی خشتەنامەی کارەکاندا خرایە بەردەم ، تەنانەت ئەگەر دواهەمین ساڵیش هاتبێت ، ئێمەی خستە ڕوو بە ڕوو بونەوەیەك لەگەڵ مەهامەکانی شۆڕشی پرۆلیتاریادا ، بەم شێوەیە کاتی ئەوە هاتووە کە هەموو بەڵگەنامەکان کۆکەینەوەو وە هەموو کەرەسەو دەستپێکردنێك ئامادەکەین بۆ کارێکی توێژینەوە . ئێمە دەزانین ، ئەم فەرمانەش ڕۆشنە ، هەموو گەلێك ، هەموو چینێك ، وە هەموو پارتێك بە شێوەیەکی سەرەکی کەڵك لە تاقیکردنەوە تایبەتیەکانی خۆی وەردەگرێت .

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تاقیکردنەوەی گەلان و چینەکان و پارتەکانی تر گرنگایەتیەکی ئەوتۆی نەبێت ، بەبێ لێکۆلینەوەمان بۆ شۆڕشی فەڕەنسا و شۆڕشی ( 1848 ) و کۆمۆنەی پاریس ، نەمان دەتوانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەدەست بهێنین ، تەنانەت ئەگەر تاقیکردنەوەی شۆڕشی ( 1905 ) مان بەهەند زانی ، لەبەر ئەوەی شۆڕشی ( 1905) مان بە پشتیوانی زانیاریەکانی شۆڕشەکانی پێشوو گۆشکردو لەسەر هەمان ڕێگەو هێڵی مێژوویی ئەوان ڕۆیشتین ، وە بە درێژایی سەردەمی شۆڕشی بەرهەڵست ، ئەو بۆشاییەی پڕکردەوە کە لە وانەکانی ( 1905 ) بکۆڵینەوە .
بەڵام شۆڕشی ئۆکتۆبەری شکۆدار هێندەی وانە نەداینێ دەهێندەی کە لە شۆڕشی ( 1905 ) دا وەرمان گرت ، لەگەڵ

ئەوەشدا ئێمە لە سەردەمێکی کۆنەپەرستیدا ناژین یان لە تەڕاوگەدا ، بەڵکو بەپێچەوانەی ئەمەوە ، ئێمە ئێستا هێندە تواناو سونگەمان هەیە کە پاساوناکرێ بەوەی کە چەند ساڵ لە شەکەتی و ماندوو بوون هەمان بوو .
دەبێت ئەمڕۆ خوێندنەوەی ئۆکتۆبەر بخرێتە سەروی خشتەی کارەکانی پارتەکەمان و کارەکانی نێونەتەوەییەوە لەهەمان کاتدا .
پێویستە لەسەر هەموو حیزبەکەمان ، وە بەتایبەتی لاوەکانیان ، لێکۆڵینەوەی تاقیکردنەوەی ئۆکتۆبەر بکەن ، لێکۆڵینەوەیەکی زۆر وورد ، لەبەر ئەوەی ئەم تاقیکردنەوەیە پێکی هێنایین لە بەدەست هێنانی ئەوەی ڕابردوومان ، وە دەروازەیەکی گەورەی لەسەر داهاتوو لێ والا کردین ، وانەکانی ئەڵمانیا تەنها بانگەوازێکی تەقەلا نەبوو ، بانگمان لێوەبکات ، بەڵکو ئاگادار کردنەوەیەکی بێ هاووتابوو .
دەتوانرێت بووترێت ( ئەمەش ڕاستیە ) زانیاری قووڵمان لەسەر گۆڕانکاریەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ، مسۆگەری سەرکەوتنی حیزبەکەمان ناکات لە ئەڵمانیا ، گەرچی ئەم بیرکردنەوەیەش ناگاتە هیچ شتێك .
بە دڵنیاییەوە ، خوێندنەوەمان بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە تەنها بەس نیە بۆ ئەوەی وامان لێبکات ، کە لە وولاتەکانی تردا سەرکەوتن بەدەست بهێنین ، یان ئەگەر هاتوو بارودۆخێکی لەبار هەبێت کە هەموو بەرگریەکانی شۆڕشی تێدا بێت ، سەرۆکایەتی حیزب تەنها ڕۆشنکاری و یەکالاکردنەوەی هەبێت بە پشت بەستن لە تێگەیشتنی یاساکان و شێوەکانی شۆڕش ، هەر وەك چۆن لە ساڵی ڕابردوودا لە ئەڵمانیا ڕوویدا ، ئەوەی کە ڕەنگە لە وولاتانی تریشدا دووبارەبێتەوە .
لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوە لە سەر یاساکان و شێوەکانی شۆڕشی پڕۆلیتاریا ، هیچ سەرچاوەیەکی تری نیە کەلە تاقیکردنەوەی ئۆکتۆبەر گرنگ تر بێت . سەرکردایەتی پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا ، ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەیەکیان نیە لەسەر خوێندنەوەیەکی ڕەخنە گرانەی تەسەلی مێژوویی کودەتای ئۆکتۆبەر ، هەر وەك ئەو سەرکردە سەربازیە وایە کە خۆی بۆ شەڕێکی تازە ئامادە دەکات بەبێ لێکۆڵینەوەی تاقیکردنەوە ستراتیجی و تاکتیکی و هونەریەکانی دواهەمین شەڕەکانی ئیمپریالیزم ، وە سەرکردەیەکی لەم چەشنە لەشکرەکەی بەدڵنیاییەوە بەرەو شکست دەبات .
ئەگەر هاتوو خۆماندایە دەست ئەوەی کە حیزب ئامرازی سەرەکی شۆڕشی پڕۆلیتاریایە ، کەواتە تاقیکردنەوەکانمان لە نێوەندی ساڵی ( فبرایر 1917 _ فبرایر 1918 ) بەخستنەسەری تاقیکردنەوە تەواوکراوەکانی تر لە ( فنلەندا ، هەنگاریا ، ئیتالیا ، بلگاریا ، ئەڵمانیا ) ڕێگەمان پێدەدات وای دابنێین ، کە یاسایەکی مەحاڵە خۆپاراستنی حیزب لە تەنگ و چەڵەمە ناوخۆییەکانی خۆی کاتێك خۆی ئامادە دەکات بۆ گواستنەوە لە کرداری خۆئامادەکاری شۆڕش بۆ خەباتی ڕاستەوخۆ لە پێناو دەسەلاتدا .
دژواریەکان لە نێو حیزبدا بە شێوەیەکی گشتی دەردەکەوێت ، هەرکاتێك بە وەرچەرخانێکی گرنگدا تێپەریبێت ، وەك سەرەتایەك یان وەك ئەنجامێك بۆ ئەم دووڕیانە .
بەهۆی ئەمەوە هەموو ماوەیەك لە ماوەکانی گەشەی حیزب ، دۆخێکی تایبەتی خۆی هەیە ، وە داواکاری شێوەو ڕێچکەی تایبەتمان لێدەکات بۆ کارکردن .
وەرچەرخانێکی تاکتیکی ، بۆ نموونە پێویستی بە داتاشینی گرنگ هەیە بۆ هەر ڕووداێك ، لە شێوەکان و ڕێچکەکاندا ، لێرەوە گێژەنگەکان و قورساییەکان سەرچاوە دەگرێت .
لینین لە یولیۆ ( 1917 ) دا دەڵێت : ( زۆربەی کات لە وەرچەرخانێکی گرنگدا لە خودی مێژووی پارتە پێشکەوتوەکانیشدا بۆ ماوەیەکی کورت یان درێژ لاواز دەبن ، بەپێی ئەو شێوەو گونجاندنەی کە لەگەڵ بارودۆخە تازەکەدا دێت ، وە ئەو دروشمانە بە دڵەڕاوکێیی دەمێننەوە کە تا دوێنێ ڕاست بوون ، بەڵام ئەمڕۆ کتووپڕ هەموو مانایەکی لەدەستدا ، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو گۆڕانکاریە مێژووییەش هەروەها کتووپڕ ڕوویدا ) .
لێرەدا ترسەکە دروست دەبێت ، ئەگەر هاتوو گۆڕانکاریەکە بە شێوەیەکی کووتوپڕ ڕوویدا ، یان بە هیچ شێوەیەك چاوەڕوان نەکراو بوو ، ئەگەر قۆناغی پێشوو گەڵێك لە ئەندامانی دامرکاوەو خۆپارێزی لەسەر ئاستێکی بەرز لە سەرۆکایەتی حیزب کۆکردبێتەوە ، ئەوا ئەوەی دواییان پێدەچێت بێ هێز بێت لە سەرکردایەتی لە ترسناکترین

کاتەکانیدا ، کاتێك چەندەها ساڵ خۆی بۆ ئامادەکردبێت ئەگەر بە درێژایی دە ساڵ نەبێت ، بەم شێوەیە ئەگەر بێتو تەنگەژەکان حیزبیان نەهاڕیبێت ، بزووتنەوەکە بەبێ ئامانج جێدەهێڵێت و ئامادە دەبێت بۆ شکست خواردن .
پارتێکی شۆڕشگێڕ هەموو کات بابەتێك دەبێت لە ژێر فشاری هێزە سیاسیەکانی تردا ، لە هەموو قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەیدا ، داهێنەری ئامرازەکان دەبێت کە وای لێدەکات خۆڕاگربێت لە بەرەنگاربوونەوەی فشارەکان و لە نێوبردنیاندا ، بەڵام لە وەرچەرخاندنە تەکتیکیەکاندا کە لەگەڵ خۆیدا هاڕینێك دێنێت و دووبارەکردنەوەی بنیادنانەوەی دەستەی ناوخۆ ، هێزی بەرگری بوونەوەی لاواز دەکات ، وە لێرەوە دەکرێت  توانای بەردەوام هەبێت بۆ پەرەپێدانی ئەو دەستە ناوخۆییە کە ئەو وەرچەرخانە دروستی کردوە ، پەرە پێدانێکی بەرچاو کە ببێتە بناغەیەك بۆ هەموو ئاراستە جیاوازەکانی چینایەتی .
زۆر بەئاسانی ، دەڵێین ئەو پارتەی کە ناتوانێت مەهامە مێژووییەکانی چینەکەی داڕێژراوبکات ، دەبێتە یان خەریکە ببێتە ، ئامرازێکی ناڕاستەوخۆ بۆ چینەکانی تر .
ئەگەر بێتو ئەو سەرنجەی پێشوومان ڕاست بێت لە بارەی وەرچەرخاندنێکی تاکتیکیەوە ، ئەوا تەواو ڕاسترە لەبارەی وەرچەرخاندنێکی ستراتیجیەوە ، ئێمە مەبەستمان لێرەدا لە تاکتیك ئەو مانایەیە کە پڕاوپڕ لە زانستی سەربازیدا هاتووە ، ئەوە هونەرێکی سەرکردایەتی چالاکی تەنهایە ، هەر چۆن مەبەستمان لە ستراتیجیەت هونەری بەدەست هێنانی سەرکەوتنە ، واتە گەیشتنە دەسەڵات .
پێش جەنگی جیهانی و لەکاتی قۆناغی نێونەتەوەیی دووهەمدا ، باونەبوو کە بەم جیاوازیەی نێوان تاکتیك و ستراتیجیەت هەڵسین ، ئێمە هێندەمان بەس بوو بۆ ئەو مانایە ، کە سۆسیال_دیموکراتەکان بۆ تاکتیك دایان نابوو ، ئەمەش هەروا بەرێکەوت نەهاتبوو ، بەڵکو بۆ سۆسیال دیموکراتەکان تاکتیکی ( پەرلەمانی ، سەندیکایی ، شارەوانی.... هتد ) هەبوو ، ئەوەی لێرەدا مەبەست بوو ، کۆکردنەوەو یەکخستنی هەموو هێزەکان و داهاتەکان بوو بۆ بەکارهێنانی وەك چەکێك بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن و زاڵ بوون بە سەردوژمندا ، ئەم پێشنیارە لە سەردەمی نێونەتەوەیی دووهەمدا نەکرابوو ، کە هێشتا لە ڕووی پراکتیکەوە مەهامی بۆ خۆی دیاری نەکردبوو بۆ خەبات لەپێناو دەسەڵاتدا ، وە پێشنیاری بابەتە سەرەکیەکان و ستراتیجیەکانی خەباتی پرۆلیتاریا نەکرابوو ، تەنها دوای ماوەیەکی کەم نەبێت لە ڕۆژگار .
بە هاتنی شۆڕشی ( 1905 ) کە گەلێك کەڵکی پێشکەش بە سۆسیال دیموکراتە شۆڕشگێڕەکانی  ڕووس کرد ( بەلشەفیەکان ) ، بەڵام مەزنترین سەردەمی ستراتیجی لە ساڵی ( 1917 )ەوە دەستی پێکرد ، یەکەم جار بۆ ڕووسیا پاشان بۆ هەموو ئەوروپا .
بێگوومان ستراتیجیەت ڕێگە ناگرێت لە تاکتیك وەك بابەتەکانی بزووتنەوەی سەندیکایی و چالاکی پەرلەمانیو.. هتد ، هەموو ئەم شتانە لەبەر چاوی ئێمە وون نەبوون ، بەڵام ئێستا گرنگی پێدانێکی جیاوازتری هەیە ، لەبەر ئەوەی ئەو شێوانە وابەستەن بە خەباتێکی ڕێکخراو لە پێناو دەسەڵاتدا ، وە بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین : ( تاکتیك شوێنکەوتووی ستراتیجیەتە ) .
ئەگەر هاتوو وەرچەرخانە تاکتیکیەکان بەرهەم هێنەرێکی سروشتی هاڕینەکانی ناو حیزب بن ، هەروەك پێشتر باسمان کرد ، ئەوا وەرچەرخانە ستراتیجیەکان _ کە ئەمەیان بیانووی زیاترە _ بەدڵنیاییەوە وروژاندنی پەشێویەکی زیاتر دەبێت ، کتووپڕترین وەرچەرخاندنیش ئەوەیە کە پرۆلیتاریا لە سنوری خۆئامادەکاری و پروپاگەندەو خۆڕێکخستن و هاندانەوە ، دەگوازێتەوە بۆ خەباتی ڕاستەوخۆ لە پێناو وەرگرتنی دەسەڵاتدا ، بۆ سنوری ڕاپەڕینی چەکدارانە دژی بۆرژوازیەت .
هەموو ئەوانەی کە لە نێو حیزبدان ، تواوەو چەسپاوەکان و بێدەسەڵاتەکان و شکست خواردووەکان ، دژی ڕاپەڕین دەوەستنەوە ، دەگەڕێن بە شوێن داڕێژراوێکی تیۆریدا کە پشتیوانی تیوریەکەی خۆیانی پێبکەن ، وە ئەمەش بە ئامادەکراوی بەدەستی دەهێنن لەلایەن نەیارەکانی دوێنێیانەوە ( تێکشکاوەکان ) ، دەتوانین ئەم دیاردەیە چەندەها جار ببینین .
دوای ئەوەی کە حیزب لە ماوەی نێوان ( فبرایر _ ئۆکتۆبەر ) هەڵسا بە کارێکی بەرفراوان لە بوارەکانی هاندان و

ڕێکخستن لە نێو جەماوەردا ، هیچ شتێك لە پێشیدا نەمایەوە جگە لە دواهەمین تاقیکردنەوە نەبێت ، دواهەمین تاقیکردنەوەی چەکی پێش چوونە ناو شەڕێکی بەرفراوانەوە .

پاش ئەوەی کە ئۆکتۆبەر هات ، وە ئەوەی بە دوایدا هات ، ئەو چەکەی لە چالاکی سنورە بەرفراوەکاندا لە شوێنی مەحەکی خۆی دانا ، وە لە دوای هەموو ئەمانەوە ، دەبینینەوە کێ ئیش دەکات بۆ هەڵسەنگاندن بە شێوەیەکی تایبەت و بەبێ دەنگی بە تاقیکردنەوەی ئۆکتۆبەردا تێدەپەڕیت ، ئایا ئەمە کارێکی ( أسکولائیة ) ( پەیڕەوی سەدەکانی ناوەڕاست ) ی نەزۆك نیە ، دوور لەوەی کە شیکردنەوەیەکی مارکسیانە بێت بۆ سیاسەت ؟ ، کارێك لەم چەشنە هیچ نموونەیەکی لێ نیە ، تەنها ئەو مشتومڕە نەبێت ، کە کۆمەڵێك پێی هەڵسان لەبارەی باشترین ڕێگەیەك بۆ مەلەکردن ، بەڵام زۆر کەلەڕەقانە ئەوەی ڕەتدەکردەوە کە لە ڕوبارەکە بڕوانێت ، لەکاتێکدا جێبەجێ کردنی ئەو ڕێگایانە لەسەر هەریەکێ لە مەلەوانەکان تاقیدەکرایەوە .

لێرەدا هیچ مەحەکێکی باشترمان بۆ تیۆریەکان نیە لەوەی کە شۆڕش بە شۆڕش خۆی چارەسەر بکات ، هەر وەکو چۆن ئێمە باشترین ڕێگەیەك بۆ مەلەوانی دەزانین ، کاتێك مەلەوانەکە خۆی فڕێدەداتە ناو ئاوەکەوە .

==============================================================

* - ( المنعطف و المرحلة التى نمر بها ) .
* - ( النضال لكسب الجماهير ، الجبهة المتحدة .. الخ ) .
* - www.marxsists.org .
* - ( يجب دراسة أكتوبر ) .